تێبینی:
- بە بێ ئاماژەی دروست بەم سەرچاوەیە هیچ کەسێك بۆی نییە بێ لە خوێندنەوە سوودی دیکەی لێوەربگرێت.
- داوا لە ماڵپەرە کوردیەکان دەکەم کاتێك نووسراوێکم بڵاو دەکەنەوە کە من بۆم نەناردوون، ئاماژە بەو سەرچاوەیە بکەن کە لێیان وەرگرتووە.

# سیاسەتی بێئایدیۆلۆژی

**ڕێبوار ڕەشید**
**٢٠٠٧/٤/١٥**

**وەبیرهێنانەوەیەك**

شەش ساڵ لەمەوبەر هاوڕێگەلێك کە چەندین ساڵ لە کۆمەڵەی[1] سی ساڵ لەمەوبەردا بە خوێن و بە ڕەنجی ماندوونەناس مێژوویەکی سەربەرزیان تۆمار کردبوو بۆ ئەوە تێدەکۆشان کە ناویان لێنابوو "پرۆسەی ساخکردنەوەی کۆمەڵە". ئەوانەی پێیان وابوو هەموو دوورکەوتنەوەیەك لەو ئاشی مەرگەی کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی سازیان داوە، هەم بە مانای ڕزگارکردنی خۆیان و هەم بە مانای جۆرێك لە بەجۆشخستنی خەباتی ئازادیخوازنەی گەلی کوردستانە لە خۆرهەڵاتی کوردستان، کەوتنە یارمەتیدانیان.

یارمەتی هەمەجۆر بە دڵفراوانیەوە پێشکەش دەکرا و هەوڵ دەدرا زەمینە بۆ ئەوە خۆش بکرێت کە ئەو هاوڕێیانە لەو پرۆسەیەدا سوود لە ئەزموونە فرە تاڵەکانی ڕابردوویان، لە ژێرکەوتن و هەوراز و نشێوی، لە ڕەنجی بەبادچوو و لە زەخمێکی سارێژنەکراو و سارێژنەبوو وەربگرن. لەوانە وەك وازهێنان لە بیری مائۆ و ستالینییستی، و هەروەها بە دیموکراتیکردنی ئەو جۆرە سۆشیالیزمەی کە خوێنێکی زۆر لەسەر کورد کەوتبوو، پەسەندکردنی خەباتی پەرلەمێنتاریی و پلورالیزمی سیاسیی و هاوکات هەڵبژاردنی کەناڵگەلێکی کار کە شەفافیەتی تێدا بێت، هەروەها کە جێگای ڕەخنە و بیری ڕەخنەگرانە و خۆڕەخنەکردنی تیادا بێتەوە و بەو شێوەیە.

هەر لە سەرەتاوە داوا لەو هاوڕێیانە ئەوە بوو کە ڕێگا نەدەن بیری تاکپەرستیی بەسەر کۆمەڵەدا زاڵ بێت، کە نەهێڵن تاکەکەس و خانەوادەیەك خۆی بەسەر کۆمەڵەدا فەرز بکات و دەست بەسەر کۆمەڵەدا بگرێت، کە بە هەموو شێوەیەك دژایەتی بیری عەشایەری بکردرێت و کە ڕێگا لە گەندەڵی سیاسیی و ئەخلاقیی بگیرێت، کە دەستی ماندوو لەسەر زگی تێر بێت، کە بایەخ بە خوێنی مرۆڤی کورد بدرێت و ئامانجەکان ڕۆشن و ڕێگاکان دیار و دیاریکراو بن، کە هیچ شتێك لە پشت پەردەوە کفن و دفن نەکرێت.

**دووبارەبوونەوەی مێژوو**

دوو ساڵ بەسەر ئەو پرۆسەیەدا تێپەڕی هیچی وا ڕووی نەدا شایانی باس بێت. ئەو هاوڕێیانەی بەر لە ئەندامبوونیان لە کۆمەڵەدا لێرە و لەوێ لە چالاکیی کوردستانیی، لە خۆپیشاندان و ڕێپێوان و مانگرتن دا بەشدار دەبوون، لە سیمینار و کۆڕ و کۆمەڵدا دەبینران و لە باسی تیئۆریی جیاوازدا ڕای خۆیان دەردەبڕی، وردە وردە ماندووبوون و نائومێدی ڕووخساری دادەپۆشین.

گفتوگۆکان دووبارە دەچوونەوە ڕۆژگارانی سەردەمی دروستکردنی حیزبی کۆمۆنیست. گازەندە و گلەیی لە نەبوونی کۆبوونەوە، لە نەبوونی دیالۆگ، لە نەبوونی میکانیزمی کار، لە نەبوونی خەتی ئایدیۆلۆژیی ڕوون و ئاشکرا، لە نەبوونی خەتی سیاسیی قسە لەسەرکراو و شیکراوە، لە نەبوونی پلان و لە نەبوونی هاوکاریی، لە نەبوونی کەشوئاوهەوای گوێ لەیەك نەگرتن و یەکتر قبووڵنەکردن و شتی دیکە، بوو بە خەسڵەتی ئەو پرۆسەیەی بە پرۆسەی ساخکردنەوەی کۆمەڵە ناوزەند کرابوو.

---

[1] کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان

ڕۆژان ڕۆیشت و جیاوازیەکان زۆرتر بوون، لەیەك تێنەگەیشتن، بڕوا بە یەك نەبوون، یەکتر قبووڵ نەکردن، بێمتمانەبوون بە یەکتر زیاتر بوو و تەنانەت تەشەنەیشی کرد بۆ یەکتر نەنوواندن، پشت لەیەککردن و قسەی ناخۆش و نادروست هەڵبەستن بۆ یەکتر. پێش بەستنی کۆنگرەی یازدە ئەوی پێی بگوترێت کەشوهەوای هاوڕێیەتی لەو شتەدا نەما کە بە کۆمەڵە دادەنرێت. پاش بەستنی کۆنگرەی ١١ بە ڕوونی دەرکەوت کە نەك هەر وەڵامی ئەو چاوەڕووانیە نەدرایەوە کە زۆرینەی ئەندامان و دۆستان و یاران لە کۆمەڵە ڕۆژێك لە ڕۆژان لە سەرەتای ساخکردنەوەی کۆمەڵەدا هەیان بوو، بەڵکو پرۆسەی ساخکردنەوەی کۆمەڵە لە پراکتیکدا مرد.

لانی کەم حەوت مانگە کۆمەڵەی شۆرشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان لە هەمان ئەو کۆمایەدایە کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران زیاتر لە بیست ساڵە تیایدا هەناسەی مەرگ دەدات.

## بەڵگەکان بێ باکن

لە نێوان ٢٥ و ٢٧ ـی مانگی مارسدا دووهەمین پلینیۆمی کۆنگرەی یازدەی کۆمەڵە بەسترا. دوو ڕۆژ پاش ئەوە کاك عەبدوڵای موهتەدی و کاك ئەبوبەکری موددەریسی چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ گۆڤارێك، "زی میدل ئیست جۆرنال The Middle East Journal" کردووە. سێ ڕۆژێك پاش ئەوە ڕادیۆی کۆمەڵە[2] بە ناوی "وتوێژی ڕادیۆی کۆمەڵە لەگەڵ هاوڕێ عەبدوڵای موهتەدی سکرتێری گشتی کۆمەڵە لەسەر 'دووهەمین پلینیۆمی کۆنگرەی یازدەی کۆمەڵە'" وتوێژێکیان لەگەڵ کاك عەبدوڵای موهتەدی کردووە.

لەم وتارەدا من بە پشت بەستن بە ناوەڕۆکی ئەو چاوپێکەوتنە لەگەڵ "زی میدل ئیست جۆرنال" و وتوێژەکەی ڕادیۆ کۆمەڵە و هەندێك بەڵگەنامەی دیکە لەسەر دوو خاڵ دەدوێم.

خاڵی یەك: کۆمەڵە و هەبوون و نەبوونی خەتی ئایدیۆلۆژیی.

خاڵی دوو: دووڕوویی سیاسیی (هیپۆکراسی) لە ڕابەرایەتی کۆمەڵەدا کە من لە کاك عەبدوڵای موهتەدیدا خولاسەی دەکەمەوە.

## سەبارەت بە چاوپێکەوتنەکە

ڕۆژنامەنووس مایکڵ تۆتن Michael J. Totten چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کاك عەبدوڵای موهتەدیدا کردووە. بە ڕای من چاوپێکەوتنەکە بایەخێکی گرینگی مێژوویی لەو ڕووەوە هەیە کە دەتوانرێت سەرنجێك لە خەتی ئایدیۆلۆژی و سیاسی ڕابەرایەتی ئێستای کۆمەڵە بدرێت کە لە کەسی کاك عەبدوڵای موهتەدیدا خولاسە دەبێتەوە. بەداخەوە لەبەر نەبوونی کات من هەموو چاوپێکەوتنەکە وەرناگێڕمە سەر زمانی کوردی، بەڵام ئەو بەشانەی کە پێوەندی بە خەتی ئایدیۆلۆژی و سیاسیی جیددیەوە بێت وەریدەگێڕم بۆ سەر کوردی و پاشان ڕوونی دەکەمەوە کە چ پێوەندیەکی بەم ڕووداوانەی ئێستای ناو کۆمەڵەوە هەیە.

پێش ئەوەی بێمە سەر وتارەکە ڕوونی دەکەمەوە کە ئەو گۆڤارە چییە و سەرچاوەکەی کوێیە بۆ ئەوەی خوێنەر بە تەواوی بچێتە باسەکەوە.

## سەرچاوەی چاوپێکەوتنەکە

دامەزراوەیەك (ئینستیوتێك) هەیە کە ناوی Middle East Institute، واتە دامەزراوەی/ ئینستیتیوتی خۆرهەڵاتی ناوەند. ئەم دامەزراوەیە بەم شێوەیە باس لە خۆی دەکات:

> "هەر لە ساڵی ١٩٤٦ ـەوە ئینستیتیوتی خۆرهەڵاتی ناوەند (Middle East Institute) هێڵێکی زانیاری گەیاندنی بە بایەخە لە نێوان نەتەوەکانی خۆرهەڵاتی ناوەند و سیاسەتمەداران، ڕێکخراوەکان و جەماوەری ئەمەریکا. ئێمە بۆ زیاترکردنی زانیاری لەسەر خۆرهەڵاتی ناوەند لە ناو هاووڵاتیانی خۆماندا تێدەکۆشین و هەروەها بۆ ئەوەش کە لە یەك تێگەیشتن لە نێوان گەلانی خۆرهەڵاتی

[2] ناوی فایلی وتوێژی ڕادیۆکە ئەمەیە abaM070302.rm کە پیتەکانی ناوی کاك عەبدوڵای بەکارهێناوە، بەڵام لە جیاتی بنووسرێت ٤/٢ نووسراوە ٣/٢. دیارە ئەو مێژووە هەڵەیە).

ناوەند و ئەمەریکادا پێش بخەین. ئەمڕۆ ئێمە ڕۆڵێکی فرە گرینگ و کەم وێنە لە بەرفراوانکردنی دیالۆگدا دەبینین وا کە لە واشینگتۆن دی سی ـ ش تێپەڕ بکات و چالاکانەش لەگەڵ ڕێکخراوگەلی ناو خۆرهەڵاتی ناوەندا... ئێمە وەرزانە [هەر چوار مانگ جارێك] یەکێك لە هەرە باشترین گۆڤارەکان لەسەر خۆرهەڵاتی ناوەند چاپ دەکەین، [واتە] گۆڤاری خۆرهەڵاتی ناوەند "زی میدل ئیست جۆرناڵ" *The Middle East Journal*. کۆلێژی ئینستیتیوتی خۆرهەڵاتی ناوەند بۆ خوێندنی زمان و خوێندنە ناوچەییەکان MEI's Department of Language and Regional Studies بانگهێشتنی دەورەی زمان بە عەرەبی، عیبری، فارسی و تورکی دەکات، و هەروەها سیمینار بۆ تیشکخستنە سەر مێژوو، ئەدەب و کولتوری خۆرهەڵاتی ناوەند دەگێڕێت. گۆڤاری خۆرهەڵاتی ناوەند نووسراوەیەکی ئەکادیمیی فرە ڕێزلێگیراوە...[3]".

تێبینی: جۆری پیت و ڕەنگی ئەو وشانە کە سوورە ئەسڵی ماڵپەڕەکەی خۆیانە، نەك ئی من (ڕێبوار).

## چاوپێکەوتنەکە

(ئاوا دەست پێ دەکات ــ ڕێبوار)

## لیبراڵە شۆڕشگێڕەکانی ئێران ببینە[4]

[(لە ژێر وێنەکەی عەبدوڵای موهتەدیدا نووسراوە ئەمە نووسراوە (ڕێبوار)]:

**عەبدوڵای موهتەدی سکرتێری گشتیی پارتی کۆمەڵەی خەتی پان و ڕیفۆرمەکراوی ئێران**

...

من[5] و پاتریك لاسویڵ ـ ـی هاوکارم بە ڕێککەوت لە ناو ئۆردوگای سەربازیی باڵی کۆمۆنیستی پارتی کۆمەڵەدا خۆمان بینیەوە لە کاتێکدا دەمانویست لەو سەری جادەکە چاومان بە سۆشیالدیموکراتێکی زیاتر بەپارێز بکەوێت. چەند ڕۆژێك دوای ئەوە گەڕاینەوە بۆ ناوچەکە و ئەو کەسانەمان بینییەوە کە دەمانویست.

...

(بۆ ڕوونکردنەوە): دوو پارتی ئێرانیی جیاواز لێرە هەن کە هەردووکیان ناوی خۆیان بە کۆمەڵە دەبەن. یەکێکیان کۆمۆنیستە و ئەوی دیکەیان لیبراڵە. ئەوانەی لەم وتارەدا چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە کۆنەکۆمۆنیستن. ئەو خەڵکانەی لە وتارەکەی پێشوودا چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کرابوو هێشتا هەر کۆمۆنیستن.)

سکرتێری گشتیی عەبدوڵای موهتەدی و ئەندامی دەفتەری سیاسی ئەبوبەکر موددەریسی دوو پیاویان بە شوێنماندا ناردبوو بۆ هوتێلەکەمان بۆ ئەوەی هەڵمان بگرن – تا دڵنییا بن کە ئەمجارە دەگەینە شوێنی دروست. ئەوان هەتاکوو ئۆردوگاکەی خۆیان، کە کەمتر لە سەعاتێك لە سنووری ئێرانەوە دوورە، گەیاندیانین. لەگەڵ خواردنەوەی قاوە و سیغارکێشاندا لێی دانیشتین.

**میدل ئیست جۆرناڵ:** ئایا هەردووکتان خەڵکی ئێرانن؟

**موهتەدی:** بەڵێ، بەڵێ خەڵکی ئەوێین.

**میدل ئیست جۆرناڵ:** لە ناو پارتی کۆمەڵەدا کە لەو خوارەوەن کاتی خۆی تووشی جودابوونەوە بوون. ئێمە ئەوە دەزانین چونکە، هەروەکوو خۆتان ئاگادارن، چەند ڕۆژێك لەمەوبەر بە ڕێککەوت لە بری ئەوەی بێین بۆ لای ئێوە، ڕێگامان کەوتە لای ئەوان.

---

[3] http://www.mideasti.org/about/about_main.html

[4] http://www.moderaterisk.net/2007/03/sanity_for_iran_from_iraq.php

[5] مایکڵ تۆتن Michael J. Totten

**موهتەدی:** ئەو حیزبی کۆمەڵەیە وەك ڕێکخراوەیەکی نهێنی ساڵی ١٩٦٩، لە زەمانی شادا دامەزرا. ئێمە ڕێکخراوەیەکی چەپ بووین. ئەو کاتە ساڵانی ٦٠ و ٧٠ ـ کان بوو. خەباتێك بوو دژ بە شا، دژ بە چەوسانەوە، دژ بە دیکتاتۆریی، لە پێناوی دادوەریی کۆمەڵایەتیدا، و هەروەها دژ بە ئەمەریکا. بە داخەوە [پێکەنین.]

**میدل ئیست جۆرناڵ:** نا، کەنگێ مەسەلەیە.

...

**میدل ئیست جۆرناڵ:** چۆن لەسەر پژاك بیر دەکەنەوە؟ [باڵی ئێرانیی پارتی کرێکارانی کوردستانی مارکسیست لێنێنیست، پ. ك. ك. لە تورکیا] ئایا ئەوانیش لەو جۆرە کەسانەن کە ئێستا باست کردن؟ یاخود ئەوان زۆر زیاتر ... لەوەش خۆشناوترن [خۆشەویسترن]؟

موهتەدی: نا، نا، نا، ئەمانە خۆشناو نیین. ئەمانە بەشێکن لە پ.ك.ك. کاتێك کە لە سنوور تێپەڕ دەبن [لە تورکیاوە] ناوی خۆیان دەگۆڕن.

گرفت لەگەڵ پ.ك.ك. دا ئەوەیە... مەبەستم ئەوەیە کە زەحمەتکێشانی کوردستان تەواو حەقی خۆیانە خەبات بۆ وەدیهێنانی ماف و ئازادی خۆیان بکەن. بەڵام پ.ك.ك. ڕێکخراوەیەکە کە جێی متمانە نییە. ئەوان لە ناسیونالیزمەکەیاندا زۆر توندڕەون. بە سرووشتیش زۆر نادیموکراتن. ئەوان بێ پرینسیپن. مەبەستم ئەوەیە، ئەوان دەتوانن لەگەڵ شەیتانیش ڕێك بکەون. ئەوان دەتوانن لەگەڵ کورد بە شەڕ بێن.

**میدل ئیست جۆرناڵ:** ئەوان شەڕیان بە کورد *فرۆشتووە*.

**موهتەدی:** ئەرێ، ئەوان شەڕیان بە کورد *فرۆشتووە*. ئەوان شەڕیان بە کورد فرۆشتووە زۆر زیاتر لەوەی کە شەڕیان دژ بە تورکان کردووە. کاتێك کە مێژووی پ.ك.ك. دەخوێنیتەوە بۆت دەردەکەوێت کە ئەوان دژ بە هەر تاکە بزووتنەوەیەکی کوردی بوون لە هەموو بەشێکی کوردستان. هاوکاتیش پێوەندی زۆر باشیان لەگەڵ هەموو ئەو دەوڵەتانەدا هەبووە کە کوردیان تیادا دەژی، کە چەوساوەی تیادا دەژی. ئەوان هاوڕێی حافز ئەسەد [سووریا] بوون. ئەوان هاوڕێی ڕژێمی خومەینی بوون. ئەوان هەروەها لە ١٩٩٦ پشتگیریان لە سەددام حسێن کرد.

**میدل ئیست جۆرناڵ:** ئاوا، بەڕاست، کەواتە تورکیا تەنها وڵاتێکە کە ئەوان پێوەندی باشیان لەگەڵدا نەبووە.

**موهتەدی:** بەڵێ.

**لاسوێل**[6]: بەڵام هەموو لایەکی دیکەیان بەکار هێناوە بۆ ئەوەی دەستەڵاتیان لە دەستدا بمێنێتەوە.

**موهتەدی:** ئەرێ، هەر زۆر چاوچنۆکن.

**لاسوێل:** ئەو خەڵکانەی خوار ئەم جادەیە [مەبەستی لە باڵی کۆمۆنیستی پارتی کۆمەڵەی تەوەلاکراو و فکر کۆنە[7]] پێیان گوتین کە پ.ك.ك. پارەی ئێجگار زۆرە.

**موهتەدی:** هەیانە.

---

[6] پاتریك لاسوێڵ Patrick Lasswell هاوکاری مایك تۆتتنە و ئەو کەسەیە کە لە چاوپێکەوتنەکەدا بەشدار بووە و هەردووکیان کار بۆ گۆڤاری "میدل ئیست جورنال" دەکەن.

[7] بە پێی فەرهەنگی ئێنکارتا ئێم ئێس ئێن و مێریەم وێبستەر

(http://www.m-w.com/dictionary/unreconstructed و http://encarta.msn.com/dictionary_/unreconstructed.html)

وشەی estranged ئاوەڵناوە و بە مانای **separated from a spouse:** no longer living with a husband or wife

وشەی unreconstructed ئاوەڵناوە و بە مانای **clinging to outdated beliefs:** retaining outdated beliefs, views, or practices

**میدل ئیست جۆرناڵ**: باشە ئەو پارەیە لە کوێ دێنن؟ ئایا لەو حوکمەتانەی وەردەگرن؟
**موهتەدی**: کۆمەڵی کورد و تورک لە ئورووپا فرە گەورەیە، وەك کوردی ئێراق نیین کە چەند هەزارێك یان دە هەزارانێکن. ئەوان ملوێنەهان و ماڵیاتیش [سەرانە ـ ڕێبوار] لە خەڵك دەستێنن. بە زۆر سەرانە لە خەڵك دەستێنن، لەسەر هەموو کاسبیەك کە کورد لە ئورووپا هەیبێت. هیچ کەس ناتوانێت لە ژێر چنگیان دەرباز بێت.

**میدل ئیست جۆرناڵ**: کەواتە ئێستا هەر مافیایەکن و تەواو. لە ئورووپا.
**موهتەدی**: بەڵێ، پێموایە. بە داخەوە، ئەوان مافیان. ئەوان هەروەها کامپیان لەسەر سنووری ئێران و تورکیا هەیە. ئەوان یارمەتی خەڵك دەدەن کە قاچاخچێتی ماددەی موخەدەر بکەن و ئەوجا سەرانەیان دەخەنە سەر. ئەمە سەرچاوەیەکی گەورەی دەستکەوتنی پارەکەیانە.
ئایدیۆلۆژی پ.ك.ك تێکەڵاویکە لە ستالینیزم، عەشایەریی کوردیی و پاتریارکالیزم.

**میدل ئیست جۆرناڵ**: خۆ من پێم وابوو ئەوان دژ بە بیری عەشایەرەیین.
**موهتەدی**: ئەوان سوود لە کولتوری عەشایەری وەردەگرن. ئەوان تەلەفۆنی دەستییان پێیە، واڵکی تۆڵکیان پێیە، ئیستگای سەتالیتیان هەیە، بەلام من بە پارتێکی مۆدێرنیان نازانم لە مانای تەواوی وشەکەدا. مافیا بە شێوەیەك مۆدێرن بوو، بەڵام مافیا سوودی لە کولتوری سەدەی ناوەڕاست لە ئیتاڵیا وەردەگرت، پێوەندی خێزان، وەفاداریی خێزان. پ.ك.ك. هەتا گرووپە کوردیەکانی دیکەی لەناو نەبرد و باڵزاڵێتی خۆیان بەسەر بزووتنەوەی کوردیدا نەسەپاند خەباتی دژ بە تورکیا دەست پێ نەکرد.

**میدل ئیست جۆرناڵ**: ئایا هیچ شێوە پێوەندیەکت لەگەڵیان هەیە؟
**موهتەدی**: بوومان. بە شێوەیەك پشتگیریمان دەکردن، بەڵام هەمیشە خەتی خۆمان هەبووە. وەختێك هەبوو کە کوردی ئێراق فشاری بۆ هێنابوون. ویستمان ناوبژی بکەین. تەنانەت بە هەندێك شێوەش یارمەتیمان کردن. بەڵام بۆمان دەرکەوت کە ئەوان جێی متمانە نیین. ئەوان هیچ پرینسیپێك، هیچ هاوڕێیەتیەك، هیچ ڕێککەوتننامەیەك، هیچ بەهاو نرخگەلێکیان نییە. ڕەنگیشە ئەوە حوکمێکی ڕەق بێت کە من دەیدەم، بەڵام ...

**میدل ئیست جۆرناڵ**: نا، من لەگەڵ حوکمەکەتدا هاوڕام. لەبەرئەوە ناڵێم حوکمێکی ڕەقە. ڕەنگە حوکمێکی بەبەزەییانە نەبێت، بەڵام پێم وایە دروستە.
**موددەریسی**: ئەوان هەرگیز بڕوایان بە پلورالیزم نەبووە.
**موهتەدی**: بە ناوی بزووتنەوەی کوردەوە هەموو لایەك لە ناو دەبەن.

**میدل ئیست جۆرناڵ**: بۆ من ئەوان وەك مافیان، بەڵام خۆ ناوبانگێکیان هەیە کە بە چەپ دەناسرێن.
**موهتەدی**: ئەوان هەندێك بیر و هەندێك میتۆدی ڕێکخراوەیی چەپیان هەیە، بەڵام تەنها وەکوو ئامرازێك. ئەوان بەها و نرخگەلە ڕاستەقینەکانی چەپیان نییە. مەبەستم ئەوەیە، تۆ دەبێت... بەها و نرخگەل هەن...

**میدل ئیست جۆرناڵ**: دەزانم.
...
**موهتەدی**: [پێکەنین] بەڵێ. بەڕاستیی. ساڵی ١٩٨٣ ئێمە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا جێگامان گرت، بەڵام پاش چەند ساڵێك تێگەیشتین کە ئەوە هەڵەیەك بوو. ئێمە ڕەخنەمان لەوە گرتوو و لێیان جیابووینەوە. بێگومان، ئەمە چەند ساڵێکی خایاند. وا بە هاسانیی نەبوو [چەقەنەی قامك].

**میدل ئیست جۆرناڵ**: بە تەواوی لەسەر چی بوو کە لێیان جودا بوویتەوە؟
**موهتەدی**: لەسەر گەلێك شت بوو.

**میدل ئیست جۆرناڵ:** مەبەستت لەو پارتەی خوار ئەم جادەیەوەیە؟
**موهتەدی:** ئەرێ. [پێکەنین.] ئێستا حیزبێکی بێسەروبنە. سەردەمێك وا نەبوو.

**لاسوێل:** وا پێدەچێت کە ئەوان لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە زۆر کۆنترۆڵکراو بن. ئەوان هەر زۆر بەستراون بە ستروکتوری بیری خۆیانەوە. ئایا پێت وایە ئێوە ئەو قۆناخەتان بەسەر بردووە؟
**موهتەدی:** ئەرێ، ئەوان هەر زۆر دوگمن. ئەوان هەر زۆر سێکتارن[8].

**میدل ئیست جۆرناڵ:** مەبەستت لە ڕووی ئایدیۆلۆژییە سێکتارە.
**موهتەدی:** [ئەرێ] سێکتاری ئایدیۆلۆژیانە. ئەوان لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگادا پچڕاون. ئەوان دژی بزووتنەوەکانی کوردن. ئەوان دوژمنی بزووتنەوەی کورد نیین، بەڵام هیچ هاوهەستیەکیشیان لەگەڵیدا نییە. ئەوان هیچ هاوهەستێکیان لەگەڵ بزووتنەوەی دیموکراتیکی ئێران نییە. ئێمە پێمان وایە سەردەمی ئەو جۆرە چەپە بەسەرچووە. ئەو بیرکردنەوەیەی ئێستای ئەوان بیرکردنەوەی ئێمەش بوو لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەتەکاندا. ئەوەش هۆی سەرەکی لە یەك جودابوونەوەی ئێمە بوو. ئێمە پارتی کۆمەڵەی کوردستانی ئێرانمان ژیاندەوە، و ئێستا ئێمە زیاتر لەگەڵ سۆشیالدیموکراتی ئورووپادا نێزیکین.

**میدل ئیست جۆرناڵ:** ئایا ئێوە ئەندامی سۆشیالیست ئینتەرناسیونالن؟
**موهتەدی:** تەواو ئەندام نین، نەخێر. داوای ئەندامێتیمان کردووە، و ئێمە ئەندامی گرووپی کوردین لە سۆسیالیست ئینتەرناسیونالدا.

**میدل ئیست جۆرناڵ:** ئایا دروستە ئەگەر من وەك سۆشیالدیموکرات بانگتان بکەم؟
**موددەریسی:** پێی توورە نابین. [پێکەنین.]

**موهتەدی:** ئێمە بڕیارمان نەداوە کە ئەو ناوە هەڵبگرین یان نا. بەڵام ئێمە لەگەڵ بەهای دیموکراتین. ئێمە لەگەڵ ئازادی سیاسیین، لەگەڵ ئازادی ئایینیین، لەگەڵ سێکولاریزمین، لەگەڵ پلورالیزمین، لەگەڵ فیدرالیزمین، لەگەڵ یەکسانیی نێوان پیاو و ئافرەتانین، لەگەڵ مافی کوردین، لەگەڵ دادوەریی کۆمەڵایەتین. ئێمە لەگەڵ یاسایەکی کرێکاریی باشیین، لەگەڵ یەکێتی کرێکارانین. جۆرێك لە چەپ لە بەرنامەماندا هەیە.

**میدل ئیست جۆرناڵ:** ئەوە بۆ من خەتێکی چەپی پانە.

...

بەردەوامیی هەیە...
چاوپێکەوتنەکە لێرەدا تەواو بوو (ڕێبوار).

### سەرنجێك لە باسەکە

قسەکانی کاك عەبدوڵای موهتەدی لەو چاوپێکەوتنەدا نێزیکەی ٢٨٤٦ وشەیە، لەوانە نێزیکەی ٦٢٥ وشە سەبارەت بە بژاك ـەـ، کە زیاتر لە پێنجیەکی باسەکە دەگرێتەوە. باقی قسەکان کە بە داخەوە من کاتم نییە بۆ وەرگێڕانیان و کە چوار لەسەر پێنجی گفتوگۆکەن، تەنها باسی گشتییە کە لە ڕاستیدا زیاتر پروپاگەندەیەکە بۆ خۆی، نەك بۆ کۆمەڵە، و شتی جیددی سیاسیی تێدا نییە.

---

[8] لە فەرهەنگی سیاسی ئورووپیدا وشەی "سیکتار sectarian" لە بازنەی ئایینیدا بەکار دەبردرێت و پێوەندی نێوان گرووپ و ئایینزای ئایینی ڕوون دەکاتەوە و بەڵام مانای دوگم و ناتۆلەرانسیش دەگرێتە خۆی. ئینجا ئەم گۆڤارە خۆیان ئایینین و خۆیشیان زۆر بە یارمەتیدەر و بە پێشکەوتوو دەزانن لە ناو بزووتنەوەی فیکریی جیهانییدا. لەبەرئەوەیە ڕۆژنامەنووسەکە لە کاك عەبدوڵای موهتەدی دەپرسێت "مەبەستت لە ڕووی ئایدیۆلۆژییە سێکتارە".

گرینگترین لە قسەکان لەو یەك لەسەر پێنجەی باسەکەدا کراون کە لەمەڕ "پژاك" ـە. لەوێدایە کە من دەمەوێت لەسەر ئەو دوو خاڵە قووڵ ببمەوە. هەڵبەت پێشەکی دەبێت ئەوە بڵێم کە من لێرەدا دیفاع لە پ.ك.ك و پژاك ناکەم، چونکە ئەوان دوو حیزبن کە دەتوانن دیفاع لە خۆیان بکەن.
بەڵام من پێموایە کە نابێت کۆمەڵە بۆ ئەوە دروست بووبێت تا دژایەتی پارت و ڕێکخراوی کوردی بکات و ئەرکی سەر شانی هاوڕێیانی کۆمەڵە نابێت ئەوە بێت کە دژایەتی حیزبەکانی دیکەی کوردستان بکەن.
هەڵبەت دەکرێت ئەو قسانەی لەوێدا کردراون بکرێن بە بنەمای باسێك بۆ تێڕووانین لە کۆمەڵە. ئەو قسانەش کە دەمەوێت لەسەریان بدوێم خەتم بە ژێردا هێناون.
کاك عەبدوڵای موهتەدی باس لە "ستالینیزم، عەشایەری و پاتریارکالیزمی" ئەوانی دی دەکات. من دەپرسم: ئەدی ئەی ڕابەرایەتی ئێستای کۆمەڵە؟
یەکێك لە کێشەکانی ئێستای ناوخۆی کۆمەڵە کە لەو پێنج ساڵەدا زیاتر و زیاتر قووڵبووەتەوە مەسەلەی مارکسیزم لێنینیزم و سەنترالیزمی دیموکراتیکە لە پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەدا. پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە لەو قەبارەی سێ (٣) لاپەڕەییەی خۆیدا لە سەدداسەد پێڕەوی ناوخۆی بۆلشەڤیکەکانە کە لە دەستی سێ و چوارەوە لە ڕێگای حیزبی تودەوە گەیشتووەتە کوردستان و کە سەد ساڵ زیاتر کۆنە. ستالین یەکێك بوو لەوانەی زۆر وەفادار بوو بەرانبەر ئەو پێڕەوە کە ئێستا کاك عەبدوڵای موهتەدی دڵسۆزی زرکۆپیەکەیەتی.
کەواتە بناخە و بڕبڕەی پشتی کۆمەڵە پێڕەوێکی لێنینیستی ستالینیستیە و هەمووشمان دەزانین کە لە سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵەدا وێنەکانی مارکس، لێنین، ستالین و ماو هەڵدەواسران. ئاگاداریشین کە هەندێك کەسی ناو کۆمەڵە باس لە بردنەوەی کۆمەڵە بۆ ئەو کاتە دەکات و نیشانە هەن کە کاك عەبدوڵای موهتەدی پشتگیریی ئەو خەتە لە کۆمەڵەدا دەکات.
لەو پێنج ساڵەدا هەڵپەی زۆرینەی هاوڕێیانی کۆمەڵە بۆ ئەوە بووە کە ڕێگا بە دیالۆگ بدرێت، کە ڕێگا بە شەفافیەت بدرێت، کە ڕێگا بە گفتوگۆ و کۆبوونەوە بدرێت، بەڵام کاك عەبدوڵای موهتەدی هەموو ئەو ڕێگایانەی داخستووە. ڕەنگە لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا لە تەواوی کۆمەڵەدا پەنجا کۆبوونەوە نەکرابێت. هاوکات کە کاك عەبدوڵای موهتەدی بە سەعات لەگەڵ ئەندامانی هەڵبژێردراودا، بەتایبەتی لاو، بە تەلەفۆن قسە دەکات.
ڕابەرێك کە هەموو جۆرە کەناڵێکی گفتوگۆ و کۆبوونەوە و دیالۆگ دابخات و خۆیشی بە پێوەندی شەخسییەوە مەشغوڵ بێت، کە تەنها شێوەیەکی پێوەندی کە هێشتبێتیەوە ئەوە بێت کە خۆی بڕیاری لەسەر دەدات و ڕێکی دەخات، بێ لە شەخسیەتێکی ستالینیستیی، کە پێڕەوێکی ناوخۆی کردووە بە بەردەباز و بە بناخەی هەڵسوکەوتی خۆی، چ دیموکراتێکە؟
دەبینین کە کاك عەبدوڵای موهتەدی لەبەر قاپی خودادا دژ بە بیری عەشایەریە، بەڵام ئەو خزمخزمێنەیەی ئەو دەیکات هەموو ڕەهەندێکی ئەخلاقیی تێپەڕاندووە. لەو دوو ژنەی کە ئێستا پۆستی سیاسیان هەیە یەکێکیان هاوسەری خۆیەتی کە ئەندامی دەفتەری سیاسییە و نێزیکەی هەمیشە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بووە. سەرباری بوونی لانی کەم دەیان لە هاوڕێی ئافرەت کە ئەوانیش ساڵەهایە ڕەنج دەدەن و ئارەق دەڕێژن هەرگیز نەگەیشتووەتە ئەو پلەیە.
کاتێك کە دێتە سەر خزمەتی حیزبیی، ئەوا کاك عەبدوڵای موهتەدی و هاوڕێیانی هاوفکری، خزمەتی حیزبی ناگەڕێننەوە بۆ پێنج ساڵ لەمەوبەر کە کۆمەڵەی تیادا "ساخ کرایەوە"، بەڵکو دەیبەنەوە بۆ سی ساڵ لەمەوبەر. بەڵام کاتێك کە دێتە سەر پاکانە کردن بۆ کۆمۆنیست نەبوون، ئەوا خۆیان دەپەڕێننەوە و وای باس دەکەن کە پێیان هەڵکەوتووە و کەوتوونەتە ناو چاڵی کۆمۆنیستیەوە، و بەڵام زوو خۆیان نەجات داوە و بوون بە دیموکرات.
ئایا ئەندامبوون لە کۆمەڵەی شۆرشگێڕی زەحمەتێشانی کوردستانی ئێستادا دەکرێت لە پێنج ساڵ زیاتر کۆن بێت؟ ئەگەر وەڵام "بەڵێ"ـ یە، ئایا ئەوە بە چ پێوەر و پێوانەیەك ڕوون دەکرێتەوە؟
پێناسەیەکی مارکسیستی بۆ "عەشایەربوون" کە من پێموایە هەموو لیبرال و کۆنسەرڤاتیڤێکیش دەتوانن قبووڵیان بێت، ئەوەیە کە عەشایەربوون جۆری ئەو پێوەندیەیە کە لە نێوان مرۆڤەکاندا هەیە. هەموو پێوەندیەکی خوێنین، هەموو پێوەندیەکی سەرفی نەزەر (لەبەرئەوەی کەسێك برایە، خوشکە، دایکە، باوکە، ئامۆزایە، پورزایە، دراوسێیە و هتد)، هەموو پێوەندیەکی دەستیاو یان ئەوەی لە کۆمەڵی پیاوسالاردا پێی

دەگوترێت "پیاوەتی" پێوەندی عەشایەرین. واتا عەشایەرێتی بەو مانایە نایەت کە مرۆڤ کڵاوجەمەدانە و پێچومێزەر ببەستێت، یان ڕووخسارێکی تایبەتی هەبێت کە لە "عەشایەر" بچێت. عەشایەری بریتیە لە کۆمەڵێك پێوەندی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی کە مانای پراکتیکی لە ژیانی ڕۆژانەدا دەبێت.
بەو پێیە کاتێك کە کاك عەبدوڵای موهتەدی خزمێکی خۆی بێ ئەوەی بە هیچ جۆرێك هەڵبژێردرابێت دەهێنێت و مووچەی مانگانەی پێ دەدات و دەیکات بە نوێنەری کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات، بریتیە لە پێوەندیەکی عەشایەری. کاتێك مووچەی مانگانە بۆ خزمێکی دیکەی دەبرێتەوە بێ ئەوەی ئەو کەسە هیچ بەرپرسیارێتیەکی حیزبیی هەبێت و بێ ئەوەی کەسێکی چالاك و هەڵسووڕاو بێت، بریتیە لە پێوەندیەکی عەشایەری. ئەمە هەروەها بناخەدانانە بۆ بیری تاکپەرستییش.
کاتێك کە کاك عەبدوڵای موهتەدی خزمێکی لە ئەڵمانەوە دەهێنێت و دەیکات بە بەرپرسیاری تەلەڤیزیۆنی ڕۆژهەڵات، بەڵام کە نە زمانی ئەم وڵاتە دەزانێت کە سوێدیە، نە ئینگلیزی دەزانێت، نە لە تەکنیك دەزانێت و نە لە ماسمێدیا. تەنها ئەوەیە کە خزمێکی گوێ سووکی خۆیەتی و هیچی تر، ئەوە بریتیە لە پێوەندیەکی عەشایەری.
سەردەمی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیز لە هیندوستان، یەکێك لە گازەندەی غاندی ئەوەبوو کە ئینگلیزەکان سوود لەستروکتوری عەشایەری بۆ درێژەدان بە داگیرکردنی هیندوستان وەردەگرن. ئەوەش لەو ڕووەوە کە سەربازێکی ئینگلیز دەیتوانی بڕیار بەسەر دەیان و سەدان ئەفسەری هیندیدا بدات. هەر ئێستا هەر کەسێك لە خزمی تایبەتی و بازنەی "ڕەفاقەتی" کاك عەبدوڵای موهتەدی، بێ ئەوەی هیچ دەسەڵاتێکی هەڵبژێردراوانەیان هەبێت، دەتوانن لە هەر کەسێکی دیکە مافی بڕیاردانیان زیاتر بێت.
ئەمە بەو واتایە دێت کە ئیلێتکی (نوخبەیەکی) هەڵبژێردراوی بچووك مۆنۆپۆڵی خۆداسەپاندن و کۆنترۆڵکردن بە خۆیان دەبەخشن. ئەوەی لە مارکسیزمدا پێی دەگوترێت برژوازی، واتا کۆشکنشین، لەوێدا خولاسە دەبێتەوە. کۆشکنشینەکان کات و ئیمکاناتیان هەیە پێوەندی دروست بکەن، ببزوێن، بیر لە ئایندە و لە سیاسەت و لە شتی دیکە بکەنەوە. ئەوانەی دەرەوەی کۆشکەکان، مرۆڤی ئاسایی، گەڕەکنشینەکان، ئەوانەن کە پاش کار و ژیانی ڕۆژانەی خۆیان دەبێت کات بۆ خەبات و تێکۆشان پەیدا بکەن. ئەویش ئەو کاتەیە کە ژیانی خۆیان و ژن و منداڵیان لەسەریان دەکەوێت.
لە باسی پاتریارکالدا (پیاوسالار) درێژەی پێ نادەم. با کەس نموونەی کۆمەڵەی سی ساڵ لەمەوبەر نەهێنێتەوە و بەڵکو باسی ئەم پێنج ساڵەی خۆساخکردنەوەی کۆمەڵە بکات. ئایا ژمارەی ئەو ژنانەی کە لە دەفتەری سیاسیی، لە کۆمیەتی ناوەندی و لە کۆمیتەکانی دیکەدا هەن چەندن؟ هەروەها ئەو ژنانە دەکەونە چ جۆرە پێوەندیەکی کۆمەڵایەتیەوە؟
سیستەمی پیاوسالاریی لە هەموو کۆمەڵگایەکدا وەك ڕۆژی ڕووناك دیارە. لە کۆمەڵگای دوواکەوتوودا لە هەموو چرکەیەکی ژیانی مرۆڤەکاندا ڕەنگ دەداتەوە. لە مێژووی ئەو پێنج ساڵەی ساخکردنەوەی کۆمەڵەدا بریتیە لە پیاوسالاریەك کە نە هەر چەپ، بەڵکو مرۆڤ بە گشتیی دەترسێنێت.
خزمگەریی و خێزانگەریی (نیپۆتیزم) بەو مانایە دێت کە خانەوادەیەك هەزاران دۆلار و کاتی نەبڕاوەی لە بەردەستدا دەبێت بۆ پێشخستنی خۆی، بۆ بەهێزکردنی جێپێی خۆی، هاوکات کە کەسانی تێکۆشەر و هەڵسوڕاو دەبێت هەموو چرکەیەکی ژیانی خۆیان لە پەیداکردنی نان و لە خزمەتدا سەرف بکەن.

## "مەوقیعیەتی ئێستای کۆمەڵە"

ئەوانەی بە تەنگ بەرژەوەندی کۆمەڵەوە دێن ئاگادارن کە سەرەڕای پێشنیار و ئامۆژگاری دۆستان و یارانی کۆمەڵە هێشتا ڕابەرایەتی کۆمەڵە لانی کەم دژ بە پارتی سەربەخۆیی کوردستان، یەکێتی شۆڕشگێڕان [ئێستا پارتی ئازادی کوردستان] و پژاك و پ.ك.ك. دواوە. مەسەلەی حیزبی دیموکراتی کوردستان با لەولاوە بووەستێت.
بەڵام با خوێنەر سەرنجی ئەمە بدات. پلینیوۆمی دووهەمی کۆمەڵە لە ٢٥ – ٢٧ مارس ٢٠٠٧ گیراوە. ئەم چاوپێکەوتنەی کە ئێستا لێی دەدوێین دوو ڕۆژ داوی ئەوە، ٢٩/ ٣ ٢٠٠٧ کراوە. پاش ئەوە وتووێژێکی

ڕادیۆیی بە ناوی "وتوێژی ڕادیۆی کۆمەڵە لەگەڵ هاوڕێ عەبدوڵای موهتەدی سکرتێری گشتی کۆمەڵە لەسەر 'دووهەمین پلینیۆمی کۆنگرەی یازدەی کۆمەڵە'"[9] کراوە. لەوێدا کاک عەبدوڵای موهتەدی دەڵێت:

"ئێمە، ئەم ساڵ کۆمەڵە لە مەوقیعییەتێکی تایبەتی دایە، بۆ ئەو مەبەستە، چونکە ئێمە ئێستا لەگەڵ هیچ حیزب و لایەنێك لە کوردستانی ئێران نییە کە پێوەندێکی خۆشمان نەبێت. وە هیچ کەس یان هیچ لایەنێك نییە کە لەگەڵ ئێمە موشکیلێك یان گرفتێکی هەبێت بۆ پێکهێنانی بەرە. هیچ لایەنێك نییە کە گرفتێکی هەبێت بۆ دانیشتن و دیالۆگ و هاوکاریی لەگەڵ کۆمەڵە. بۆیە کۆمەڵە دەتوانێ و دەبێ میحوەرێك بێ کە ئیمساڵ هەوڵێکی زۆرتر بدا [بۆ پێکهێنانی بەرە]..."

هەر وەك لە چاوپێکەوتنەکەدا لە بیری چووە زۆر خاڵی گرینگ سەبارەت بە خۆی باس بکات، لێرەشدا لە بیری چووە بە گوێگران ڕا بگەیەنێت کە گرینگترین دەستکەوتی پلینێۆمی دووهەم ئەوەبووە کە لە حەوت ئەندامەوە بووە بە شەش و هیچ ڕوونکردنەوەیەکیشی نییە. بەڵام وەك وەفادارێك بە پێڕەوێکی نێوخۆی مارکسیست لێنینیستیانە جەخت دەکاتەوە کە دەفتەری سیاسیی لە گشت پرسەکاندا هاوڕایە.
سیاسەت بەو شێوەیە بۆ کاک عەبدوڵا بووە بە پێچی مێزەر و بە ئارەزووی خۆی بایدەدا.
لە کۆتایی ئەم بەشەدا، لە دیفاع لە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کە پێموایە بە بارمتە گیراوە، بە هەموو دڵسۆزی کۆمەڵە دەڵێم کە حەتمەن دەبێت لە پرسی پژاك ـدا هەڵوێستی ڕوو بە دەرەوە وەربگرن. هەر دڵسۆزێکی کۆمەڵە ئەو کارە نەکات ئەوا لە پشت هەوڵی کاک عەبدوڵای موهتەدیەوە دەبێت بۆ دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆ. بێدەنگیی لێرەدا یەك مانای هەیە کە ناکرێت هەڵە لێی تێبگەین.
بە ڕوونیی دیارە کە کاک عەبدوڵای موهتەدی وێنەی "شەهیدی" تازەی پێویستە بۆ ئەوەی بتوانێت مەشروعیەت بەو قسانەی بدات کە سەبارەت بە کۆمەڵەیە وەك پارتی پێشڕەو و وەك ڕابەری بزووتنەوەی کورد.
لەو پێنج ساڵەی دواییدا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ڕابەرایەتی کۆمەڵە گوتوویانە کە کۆمەڵە حیزبێکی ئایدیۆلۆژی نییە، بەڵکو حیزبێکی سیاسییە. لەو ماوەیەدا من هەمیشە ڕەخنەم لەو بۆچوونە گرتووە، لەبەرئەوەی یەکەم: دژایەتیکردنی خەتی ئایدیۆلۆژی لە ڕاستیدا تەنها بۆچوونی هەندێك (نەك هەموو) ڕووناکبیری بەپارێز و لیبراڵە کە ئەویش دروست دژی جۆرەکانی چەپ دەیکەن، و دووهەم: هەموو حیزبێکی سیاسیی حەتمەن دەبێت خاوەنی خەتێکی ئایدیۆلۆژی بێت. تا ڕادەی تێگەیشتنی ئەو حیزبە لە تیئۆری سیاسیی زیاتر بێت ئەوا خەتی ئایدیۆلۆژییشی ڕوونتر و مەحکەمترە.
لێرەدا من هەوڵ دەدەم ئەو خاڵانەی لە ڕووی ئایدیۆلۆژیەوە مەبەستمن بە پێی سەرەی گوتنیان لە چاوپێکەوتنەکەدا باسیان بکەم. کاک عەبدوڵای موهتەدی دەڵێت کە ساڵی ١٩٨٣ ئێمە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا جێگامان گرت، بەڵام پاش چەند ساڵێك تێگەیشتین کە ئەوە هەڵەیەك بووە.
ئەوە چییە وا دەکات کە کاک عەبدوڵای موهتەدی مێژوویەکی گرینگ کە خوێنی سەدان لە هاوڕێیانی کۆمەڵەی تیادا ڕژاوە، کە سەدان و بگرە هەزاران هاوڕێیی کۆمەڵە تیایدا دڵی، ویژدان و کەرامەتی شکێندراوە و نارەحەت کراوە، کە هەزاران لە ئەندامانی کۆمەڵەی تیادا دووچاری دەربەدەری بووە، بە چەند دێڕێك لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی مەسیحیدا خولاسە بکرێتەوە.
پێش ساڵی ١٩٨٣، بۆ یەکەمین جار لە کۆنگرەی دووی کۆمەڵە لە بەهاری 1360 کە دەکاتە ساڵی ١٩٨٠، باس لە ئاڵۆگۆڕی فیکری لە کۆمەڵەدا لە لایان کاك عبدوڵای موهتەدیەوە لە ژێر ناوی "مارکسیزمی ئینقلابی" کراوە. لەوەدا کاک عەبدوڵای موهتەدی سوپاس و ڕێزگرتنی بێپایان لە تێکۆشانی بێووچانی "ئیتحادی موبارەرزانی کۆمۆنیست" (سەهەند) دەکات و ئافەرینیان دەکات بۆ ئەو تێکۆشانە فیکریانەیان کە لە پێناو جوڵانەوەی کۆمۆنیستیدا کردویانە. ئەوە یەکەمین زەمینەخۆشکەری هێنانی سەهەندەکان بوو بۆ کوردستان.

---

[9] . ناوی فایلی وتوێژی ڕادیۆکەیە ئەمەیە abaM070302.rm کە پیتەکانی ناوی کاک عەبدوڵای بەکارهێناوە، بەڵام لە جیاتی بنووسرێت ٤/٢ نووسراوە ٣/٢. دیارە ئەو مێژووە هەڵەیە.

ئەو کۆنفێشنەی (پاڕانەوەی تکا) کاك عەبدوڵای موهتەدی لەبەر قاپی خودای مەسیحیاندا دەیکات زۆر کەمترە لە نیوەی ڕاستیەکانیش. کاك عەبدوڵای موهتەدی یەکەمین کەس بوو کە زەمینەی بۆ هێنانی سەهەند بۆ کوردستان خۆش کرد و یەکەمین ئەندامی کۆمەڵەیە کە بناخەی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانی دانا. لە سەرەتای ئەو پرۆسەیەدا کە بە ساخکردنەوەی کۆمەڵە ناوزەند بوو، هاورێگەلێکی زۆر لە ئەندامانی بەرێی کۆمەڵە ئاماژەیان بەم خاڵە دەکرد.
لە کۆتایی هاوینی ساڵی 1362 (١٩٨٢) لە گوندی مێشکەپە لە دەوری ئالانی سەردەشت "حیزبی کۆمۆنیست" بە بەشداریی سەهند و کۆمەڵە دروست کرا. ئەوانەی خوێندنەوەی مێژوو و دەرسلێوەرگرتنی بە خاڵی گرینگی پێشکەوتن دادەنێن، دەزانن کە یەکەمین کاسێتەکانی دەنگی مەنسور حیکمەت لە سەر کۆمۆنیزمی کرێکاریی لە بەهاری 1368 دا لە ئورووپاوە هاتەوە ناو ئۆردوگاکانی کۆمەڵە.
بەسەرهاتی وروژێنەر و ترسناك هەن کە هاورێیانی دانیشتوو و جۆربەجۆری کۆمەڵەی کۆن دەیگێڕنەوە. لەوێدا هەمان ئەو کەسانەی کە بەداخەوە توانیان دووبارە لە ساخکردنەوەی کۆمەڵەدا دەست بەسەر کۆمەڵەدا بگرن، دەستیان تیادا بووە. هەروەك هەمیشە ڕامگەیاندووە ئەو هاورێیانە زەرەرێکی گەورە بە مێژوو و بە بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان لەو ڕێگایەوە دەگەیەنن کە ئەو بەسەرهات و ڕووداوانە نانووسنەوە و تۆماریان ناکەن.
ڕەنگە کۆتاییهاتنی شەڕی ئێران و عێراق و ڕێککەوتنیان لەسەر ئەوەی کە ئۆپۆزیسیۆنی یەکتر جڵەوبکەن، یەکێك بێت لە کێشەی سەرەکیی لە نێوان کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیست، و بە پلەی یەکەم لە سەر ماڵ بەشکردن و مەقام بەشکردن بێت. دوای ئەوەیە کە کێشەکان شێوەیەکی کۆنکرێت وەردەگرێت.
بەو شێوەیە کە کاك عەبدوڵای موهتەدی لە چاوپێکەوتنەکەیدا باس لەوە دەکات کە ڕژێمی سەددام دوژمنی کۆمەڵە بووە، دووبارە بەشێکی زۆر کەمە لە ڕاستیەکان.
مەسەلە چییە کە هاورێیانی کۆمەڵە وەڵام نادەنەوە؟
لایەنێکی دیکەی ئەو بەسەرهاتە ئەوەیە کە کۆمەڵە پارە و چەکێکی بێئەژماری لە ڕژێمی سەددام حسێن وەردەگرت، کە ڕەهبەر و کادێرەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیست (بەو پێیەی پێیان خۆشە کام ناوەیان هەڵبژێرن) نەك هەر بۆ کاری سیاسی و جێبەجێکردنی کاری پراکتیك، تەنانەت بۆ پشوو و حەسانەوە دەگەیشتنە بەغداد.
هاوینی ساڵی 1368 (١٩٨٨) یەکەمین نووسراوەی کاك عبدوڵای موهتەدی پێش گەڕانەوەی بۆ کوردستان لە سەر ئاڵۆگۆڕی (تەغیری ریل) کۆمەڵە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بەرەو بزووتنەوەی کرێکاریی ناردرایەوە بۆ کوردستان. ئەو دەم لە بناخەوە پێی وا بوو کۆمەڵە دەبێت "تەغیری مکان" بدات. هەر هەمان هاوین بوو کە کاك عبدوڵای موهتەدی و کاك حمید تقوائی لە ئورووپاوە بە مەبەستی گرتنی کۆبوونەوە بۆ تەشکیلاتی کۆمەڵە بۆ دیفاعکردن لە بۆچوونەکانی مەنسور حیکمەت گەڕانەوە بۆ کوردستان. لە کۆبوونەوەیەکدا لە ئۆردوگای بەهار لە نێزیك شارۆچکەی ڕانییە بۆ نێزیکەی حەفتا تا هەشتا لە ئەندام و کادێری کۆمەڵە لە سەر سیاسەتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی نێزیکەی دوو سەعات قسەیان کرد، بەڵام حازر نەبوون گوێ بە قسەی ئەو کادر و ئەندامانە بدەن. لەوێدا کاك عەبدوڵای موهتەدی دەیگوت "حازر نییم جەڕ و بەحسی ئێوە ببیستم".
هەر لەو زەمانەدا بوو کە کاك عەبدوڵای موهتەدی لە نووسراوەیەکیدا دەنووسێت کە ژمارەی یەك بێنهیایەتی سیفر (... ... ...١) دۆلار تەرخان کراوە بۆ بردنە دەرەوەی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە کوردستان بەرەو ئورووپا.
پاشان لە کۆتایی ساڵی 1989 دا پیلینۆمی 16 لە دەرەوەی کوردستان گیرا. ئا لەوێدا بوو کە کاك عبدوڵای موهتەدی و دارودەستەی ئەوکاتەی کە هەر ئێستا بەشێکیان لە دەفتەری سیاسیی کۆمەڵەدان (ئەبوبەکری موددەرەسی، فاروق بابامیری و محەمد شافعی)، کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەیان تەسلیمی بۆچوونەکانی مەنسور حیکمەت کرد. لەو پلینێومەدایە کە کاك عبدوڵای موهتەدی بەیاننامەیەکی نووسی لە ڕەخنە لە ناسیۆنالیزم و لە محکومکردنی ڕووانگای ئەو کاتەی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە.
ئەوانەی بە دەربەست خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کوردستانەوە دێن، دێتەوە بیریان کە "ئەسناد و مدارك و ئیمکانات"ـی کۆمەڵە تەخشان و پەخشان دەکرا و لە شاری سلێمانی کەوتبووە بازاڕاوە.

با هاوڕێیانی کۆنی کۆمەڵە و ئەوانەی ئێستا دڵپاکانە خەبات دەکەن ڕێگام بدەن کە بڵێم بێدەنگ بوونی ئەوان و نەنووسینەوەی ئەو مێژووە، ڕێگا خۆشکەرە بۆ دروستبوونی جۆرێك لە تۆتالیتاریزم و فاشیزم کە دەتوانێت فرە زەرەربەخش بێت. هەر ئێستا مشتێك لە نموونەکەی دەبینین.

### خەتێکی مارکسیست لێنینیست لە ناو کۆمەڵەدا

هیچ کەسێك نییە بزانێت کاك عەبدوڵای موهتەدی چ خەتێکی ئایدیۆلۆژیی هەیە. بە پێی قسەکانی خۆی و دەپات کردنەوەیان کۆمەڵە حیزبێکی سیاسییە نەك ئایدیۆلۆژیك. من ئەمەم لەسەرەوە ڕوون کردەوە و ئێستا ئەم باسە بۆ ئەندامێکی دەفتەری سیاسی کۆمەڵە تەرخان دەکەم کە ناوی کاك ئەبوبەکری موددەریسیە و کە لەو چاوپێکەوتنەدا بەشدار بووە. ئەو بەشەی هاوڕێیانی کۆمەڵە کە خۆیان بە لێنینیست دەناسێنن و کە خاوەنی مێژوویەکن لە گاڵتەپێکردن بەوانەی دیکەی ناو کۆمەڵە کە باسی کوردستان و کوردستانیبوون و چەپی کوردستانیی دەکەن، کاك ئەبوبەکری موددەریسی بە مامۆستای خۆیان دەزانن، هەرچەندە کە مێژوو شاهید نییە کاك ئەبوبەکری موددەریسی باسی تیئۆریکی لەسەر مارکسیزم – لێنینیزم دابێت.

بە هەرحاڵ، کاك ئەبوبەکری مودەریسی لە هەموو چاوپێکەوتنەکەدا ٢٦ وشەی گوتووە. کاك عەبدوڵای موهتەدی ٢٨٤٦ وشەی گوتووە. بەو مانایەی کە کاك ئەبوبەکری مودەریسی کەمتر لە یەك لە سەددی کاك عەبدوڵای موهتەدی قسەی کردووە. ئەو ٢٦ وشەیەش کە گوتوویەتی هەر تەئکیدکردنە لەسەر قسەی کاك عەبدوڵای موهتەدی و سێ چوار وشەی سەرپێیە، گرنگترینیان ئەوەیە کە لە پرسیاری ئایا دروستە ئەگەر من وەك سۆشیالدیموکرات بانگتان بکەم؟ کاك ئەبوبەکری موددەریسی دەڵێت: "پێی تووڕە نابین". [پێکەنین.]

بۆ ئەوانەی کە دوو ئەلفبێی ئایدیۆلۆژیی دەزانن جیاوازیی لە نێوان سۆشیالیستی دیموکرات و مارکسیست لێنینیستدا وەك زەوی و ئاسمان وایە. ئەو دووانە دوو خەتی ئایدیۆلۆژیی تەواو بە یەك نامۆ و دژ بە یەکن. لە مێژووی سەد ساڵی دوای دەرکەوتنی بیری سۆشیالیست دیموکرات و لێنینیزم سەدان هەزار لاپەڕە بە زمانە جوداکانی ئورووپا لەسەر ئەو دوو خەتە نووسراوە.

لەو چاوپێکەوتنەدا کاك ئەبوبەکری موددەیسی بە خۆشییەوە حەز دەکات پێی بگوترێت سۆشیالدیموکرات. بەڵام ئەوی جێی سەرنجە ئەوەیە کە بێ لەوەی دەستەی کاك ئەبوبەکری موددەریسیی هێرش دەبەنە سەر زۆرینەیەك لە هاوڕێیانی ناو کۆمەڵە و وشەی "سۆشیالیست دیموکرات" و "ناسیونالیست" وەکو جنێو بەکار دەبەن و بە دواکەوتوو و بە نەزانیان لە قەڵەم دەدەن، هەروەها دوواترین کەسێکی کۆمەڵە بووە کە لە حیزبی کۆمۆنیستی کارگەریی بێتە دەر و یەکێکە لەوانەی کە هەم ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و هەم کارگەرییش بووە.

لە خۆپیشاندانی یەکی ئایاری ساڵی ٢٠٠٦ دا لایەنێك لەوانەی باسی جۆرێك لە سۆسیالیست دیموکرات لە کۆمەڵەدا دەکەن دەیانویست لەگەڵ سۆشیالیست دیموکراتەکان و ئەو بەرەیەدا ڕێبپێون، هاوکات کە دەستەی کاك عەبدوڵای موهتەدی و کاك ئەبوبەکری موددەریسی ئەوەیان نەکرد و چوون لەگەڵ ئەوانەدا کە جۆرێك لە چەپن، بەڵام کە وازیان لە "کۆمۆنیستبوون" و "لێنینیزم" هێناوە، ڕێپێوانیان کرد. ئەو لایەنە پار ئاوا پێنج کەسێك دەبوون، بزانین ئەم ساڵ چەندن و لەگەڵ کام بەرەیەش ڕێ دەپێون.

بە زەحمەت باوەڕ دەکرێت کە عیسا مردووی زیندوو کردبێتەوە، بەڵام لەوە دەچێت بە دڵنیاییەوە "کۆمۆنیستی" بە چاوپێکەوتنێکی دوو سەعاتیی پێ بکرێت بە سۆشیالدیموکرات.

ئەگەر زەمان زەمانی مردنی ئایدیۆلۆژی بێت، بۆ زەمانی موعجیزە نییە؟

لەو ٢٦ وشەیەدا کە کاك ئەبوبەکری موددەریسی گوتویەتی دەکرێت پێنج وشەی لەسەر خۆی قووڵبکرێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە بە پ.ك.ك. دەڵێت: "ئەوان هەرگیز بڕوایان بە پلورالیزم نەبووە".

لەو ٣٠ ساڵەی دووایییدا کاك ئەبوبەکری موددەریسی لە هیچ بەشێکی کۆمەڵەدا نەبووە کە بڕوای بە "پلورالیزمی سیاسیی" بێت. نموونەی سەیر هەن بۆ گێڕانەوە لەسەر بەرخوردی کاك ئەبوبەکری موددەریسی دژ بە ئەندامانی جیاوازی کۆمەڵە لە تەواوی ئەو سی (٣٠) ساڵەدا.

ئەو هاوڕێیانەی کۆمەڵە کە ناتوانن بە پشت بەستن بە ئەقڵی سیاسیی خۆیان هەڵوێست وەربگرن دەشێت دووچاری زیانی گەورە ببن.
ستریند بێری گوتەنی، مشکێك ئاقڵ بێت کونی زۆرە.

## سەرئەنجام

کێشەی فکری و سیاسی ناو کۆمەڵە لەو پێنج ساڵەی ڕابردوودا بەرەو قووڵبوونەوە و تەقینەوە دەچێت، نەك گەیشتن بە خاڵی هاوبەش. ئەمە، هەروەکوو لە وتارەکانی دیکەمدا باسم کردووە، خەسڵەتی حیزبگەلی مارکسیست لێنینیستە کە لە سەرانسەری جیهاندا بە بەردەوامیی لە لەتبوون و جودابوونەوەدان. ناشێت کۆمەڵە وەك حیزبێکی مارکسیست لێنینیست، کە لە بێتواناییەکی تیئۆری و میتۆدۆلۆژیکدا و لە خۆ بە ئایدیۆلۆژیك نەزاندا، بتوانێت لەوانە باشتر و سەرکەوتووتر بێت.
گەلی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان شایستەی بەرخوردی سیاسیی جیبیدیترە وەك لەو کاسبباز‌ارییەی تا ئێستا بەسەریدا دەسەپێندرێت.
بۆ نموونە، لە وڵاتی وەك سوێد، هەروەها زۆربەی زۆری وڵاتە پیشەسازیەکانی ئورووپا، حیزبگەلێك هەن کە هەموو خەتی ئایدیۆلۆژیان ڕوون و دیارە. بۆ نموونە لە سوێدێکدا کە لانی کەم ١٢٠ ساڵە لە بزووتنەوەی پیشەسازییدا بەشدارە و کە یەکێکە لە وڵاتە پیشەسازیە بەهێز و پێشکەوتووەکانی جیهان، بەڵام کە خاوەنی پارتی جووتیارانی خۆیەتی و کە نیسبەتی دەنگپێدانی لە نێوان ١٥ بۆ ٢٥ لە سەددایە. ئایا بۆ لە کۆمەڵگایەکی وەکوو کوردستان کە حەتمەن ژمارەیەکی زۆر جووتیار و وەرزێرن، حیزبێکی بۆ جووتیار و وەرزێر تێدا نییە؟
هۆیەکان حەتمەن زۆرن، بەڵام دیارە یەکێکیان ئەو هێرشە چەپە شۆڤێنیستەی نەتەوەی سەردەستە لە سەر کوردستان کە بە یارمەتی ڕێکخراوگەلی وەك حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان درێژەی پێ دەدرێت.
کاتی خۆیەتی کە ڕێکخراوگەلی بەپارێز، لیبرال، رادیکال، سۆشیالیستی دیموکرات، مارکسیست لێنینیستی و شێوەی دیکە دروست بێت، بەڵام بە خەتی ئایدیۆلۆژی ڕوون و ئاشکرا و بە فەرهەنگێکی سیاسییەوە کە ڕاستگۆیانە بناسرێتەوە. ئەمە ئیتر دەبێت داوایەکی ڕوون و ڕاشکاوی خەڵك بێت.
هەڵبژاردنی خەتی ئایدیۆلۆژیی و میتۆدگەلی سیاسیی بێگومان دەبێت بەشێك بێت لە ئازادیی سیاسیی مرۆڤ، بەڵام لەو ئازادیەدا ئەو مافە دەبێت هەبێت کە شوێنپێ و جیددیەتی ئەو خەتانە بخرێنە ژێرپرسیار.
هەرگیز نابێت ئەو پرسیارە لە یاد بکەین: حیزب بۆ کێ و بۆ چی؟

ڕێبوار ڕەشید
٢٠٠٧/٤/١٥

تێبینی:
١. شایانی باسە کە ئێستا ئەو چاوپێکەوتنە کە چووەتە ئەرشیفەوە لە جێی وشەی "میدڵ ئیست جۆرناڵ" بۆ شوێنی پرسیارەکان ناوی "تۆتەن" نووسراوە. لەوێدا هەروەها وێنەکانیش گۆڕدراون. من هەردوو شێوەکەیم لایە.
٢. ئەوانەی دەیانەوێت پێوەندی بە زی میدل ئیست جورنال و مایکل تۆتنەوە بکەن و زانیاری باشتری بدەنێ، دەتوانن بەم ئەدرێسە بیکەن: michaeltotten001@gmail.com یاخود بەم ئەدرێسەی خوارەوە، زانیاری، یارمەتی ماڵی و شتی لەو جۆرەی بۆ بنێرن:

Michael Totten
P.O. Box 312
Portland, OR 97207-0312

٣. لە مێژووی ٢٠٠٧/٤/٥ نێزیکەی هەفتەیەك پاش ئەم چاوپێکەوتنە مایکل تۆتن لەگەڵ سوپای کوردستان بەشی سلێمانی چاوپێکەوتنێکی کردووە. چاوپێکەوتنەکە بە ناونیشانی "سوپایەك، نەك میلیش An Army, Not a Militia"، لەوێدا بیرێکی شایانباسی کوردستانیی هەیە و بابەتێکە کە خوێندنەوەی کەڵکی زۆرە.
/http://www.michaeltotten.com